Project funded by the European Union

# بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچە خۆجێیەکان

## پێشبڕکێی داهێنانی وزەی بەردەوامی ٢٠١٧ بۆ فێرخوازان رادەگەیەنێت

یەکێتی ئەوروپا و بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچە خۆجێیەکان پێشبڕکێی داهێنانی وزەی بەردەوامی ڕاگەیاندووە لە هەرێمی کوردستان وفێرخوازانی زانکۆ بانگهێشت دەکات تا پرۆژەی نوێ پێشکەش بکەن بۆ کەمتر بەکارهێنانی و کەم کردنەوەی دەرچوونی گازی دوانە ئۆکسیدی کاربۆن و گازی گەرمی قەتیسبوو. کە سوودی ئابووری و کاریگەری ئەرێنی لەسەر ژینگە هەیە.

ئەمە دەرفەتێکی بێهاوتایە بۆ فێرخوازان و دەرچوانی زانکۆ لە سالانی (٢٠١٤ هەتا ٢٠١٦) تاوەکو دەست بە پیشەکەیان بکەن لە بواری وزەی بەردەوام.

بابەتەکان:

بۆ پێشبڕکێیەکی ئامانج پارێزو دادپەروەرانە، چوار جۆری سەرەکی پرۆژە دیاری کراون بۆ پێشبڕکێ کە پێک هاتوون لە

١- پارێزگاریی سەرچاوەی وزە یاخود چوستی وزە

٢- گواستنەوە لە ناو شاردا

٣- سەرچاوەکانی وزەی نوێبار

٤- تەکنەلۆجیای زیرەك

ڕێسای هەڵسەنگاندن:

پرۆژەی پێشکەش کراو هەڵدەسەنگێندرێت لەلایەن لێژنەیەکی شارەزای بواری وزەی نوێبار لە یەکێتی ئەوروپا و بەرنامەی گەشەپێدانی ناوچە خۆجێیەکان. پرۆژەی پێشکەش کراو بەپێی مەرجەکانی هەڵبژاردن و نمرەی هەڵسەنگاندن پێوانە دەکرێن .

خەڵاتەکان:

پرۆژەی براوە ستایش دەکرێت بە پاداشتێك و وە هەروەها پێشکەش بە کەرتی گشتی، سێکتەری تایبەت و بەخشەری نێودەوڵەتی دەکرێت.

ئەنجامەکان لە تەمموزی ٢٠١٧ ڕا دەگەیەنرێن. دوو پرۆژەی براوەلە هەر بابەتێک لەگەڵ باشترین هەڵسەنگاندن خەڵات دەکرێت. خەڵاتی یەکەم پاداشتی ١،٥٠٠ دۆلارە وخەڵاتی دووەم پاداشتی ١،٠٠٠ دۆلارە.

بۆ زانیاری و شێوەی داوا کردن، تکایە سەردانی لاپەرەی سەرەکی فەیسبوکی بەرنامەکە بکە

**(Sustainable Energy Action Plan – SEAPs).**
(https://www.facebook.com/sustainableenergyactionplan/)

دەتوانن پرۆژەکانتان بنێرن بۆ (sustainable.energy.action.plan@gmail.com)

Project funded by the European Union

Empowered lives.
Resilient nations.

Implemented by UNDP